کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17:03 8-1-2007

## خوێندنەوەیەک بۆ دەستوری هەرێمی کوردستان سه رنج وتێبینییەکان ... مافناس نەوشیروان ئەحمەد رەسوڵ

پاش ئەوەی کە وێنەیەك لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان لە (2006/8/22) لەلایەن سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانەوە وەرگیرا، دەرگای گفتوگۆ کرایەوە بۆ لێدوان و تاوتوێکردن بە مەبەستی کاملکردن و تەواوکردنی پرۆژەکە، کە لە راستیدا جێگای دەستخۆشییە و یەکێکە لە دەستکەوتە هەرە مەزن و گرنگەکانی ئەم سەدەیە بۆ میللەتەکەمان. کە ئومێدە لە داهاتوودا ببێتە فاکتەری تەبایی و هاوکاری و یەکریزی و بەرەوپێشبردنی پرۆژەی بەیاسایی و بەمەدەنیکردنی ئەزموون و سیستەمی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان و چەسپاندنی سەروەریی یاسا و دەستەبەرکردنی زیاتری ماف و ئازادییەکان و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئابووری و جێگیرکردنی پایەکانی حکومەتی هەرێمی فیدراڵ، بەڵام لەبەرئەوەی ئەمە یەکەم ئەزموونە بۆ ئێمەی کورد دەکرێت ئەم دەستورە لە سەرنج و تێبینی بەدەر نەبێت، بۆیە لەم رووەوە هەوڵ دەدەم ئەم سەرنج و تێبینیانە لەم تەوەرانەی لای خوارەوەدا بخەمە روو:

تەوەرەی یەکەم: تێبینییە گشتییەکان:

1- پێویستە پێڕستێك بۆ ئەم دەستورە لە سەرەتادا یا لە کۆتاییدا دابنرێت، لەبەرئەوە گەڕان و دۆزینەوەی دەروازە و بابەت و بەشەکان ئەرکێك و کاتێکی زۆری دەوێت، بۆ نمونە:

زنجیرە بابەت لاپەڕە

دیبا جە (2ـ 6) .

2 - دەروازەی یەکەم (بنەما سەرەکییەکان) مادەی (1ـ 17 7ـ 13)

3 - دەروازەی دووەم (مافەکان) مادەی (18ـ 77 ـ 14ـ 31) .

4 - دەروازەی سێیەم (دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان) مادەی (78ـ141ـ 32ـ57) .

5 - دەروازەی چوارەم (کارگێرییە خۆجێیەکان و ئەنجومەنە شارەوانییەکان) (142ـ 146 - 58ـ59) .

6 – دەروازەی پێنجەم (دەستە و کۆمیسۆنە سەربەخۆکان) مادە (147 ـ 148 -60) .

7 - دەروازەی شەشەم (حوکمەدارییەکان) ما دە (149ـ152) (61 ـ 62) .

8 - دەروازەی حەوتەم (حوکمە کۆتاییەکان) مادە (153ـ160 ـ 65) .

واتە پێرستەکە بەم شێوەیەی سەرەوە بێت...

2 - ئەم دەستورە درێژترین دەستورە کە ژمارەی مادەکانی (160) مادەیە بە بەراورد لەگەڵ. دەستوری هەمیشەیی عێراق کە (144) مادەیە و زۆربەی دەستورەکانی وڵاتانی پێشکەوتوخوازی وەك ئەمریکا کە دەستورەکەی نزیکەی (13) مادەیە، لە هەندی ولایەتەکانی تر لە نێوان (12ـ 18) مادەیە، بۆیە پێویستە جارێکی تر ئە م دەستووره چاوی پیادا بخشێنرێتەوە وکورت وپوخت بکرێتەوە.

3- لە دەروازەی دووەم: بەشی دووەم/

(مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان) لاپەڕە20مادەی (45) دەرنەچووە و لەدوای مادەی (44) راستەوخۆ مادەی (46) دێت بە پێی وێنەیەك لەو رەشنووسەی لە بەردەستی مندایە، ئیتر نازانین هەڵەی چاپە یان لەبیرچوونە.

تەوەرەی دووەم: دیباجەکە [تێبینی و سەرنجەکان].

1 - ئەم دیباجەیە بە راستی زۆر درێژو زیادڕەویی تیادا کراوە و بووەتە داستاننامەیەکی پاڵەوانێتییەکانی رابردوو، دەبێت دیباجە کورت و پوخت بێت و کۆکراوەی خاڵە ستراتیژ و گرنگەکانی

ناو دەستور بێت، بۆیە پێویستە جارێکی تر چاو بەم دیباجەدا بخشێنرێتە وە و پوخت و کورت بکرێتەوە، کە ئەمەش نەریتێکە لە زۆربەی دەستورەکانی دنیادا پەیڕەو دەکرێت.

2- هیچ ئاماژەیەك نەکراوە کە ئەم دیباجەیە بەشێك دەبێت لە دەستورەکە یا تەواوکەری دەستورەکەیە، تا هێزی بەدەستوربوون وەربگرێت. بۆیە پێویستە ئەمەش یەکلا بکرێتەوە.

3- ئەم دیباجەیە پێویست بوو بۆ دیاریکردنی سنوری هەرێمی کوردستان پشتی بە کۆمەڵێك سەرچاوە و بەڵگەنامەی مێژوویی و یاسایی دانپێدانراو لەلایەن رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقەوە ببەستایە و ئەو سەرچاوانەی بکردایەتە بنەمای سەلماندنی کوردستانیەتبوونی کەرکوك و شوێنە تازە ئازادکراوەکانی دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق. بەتایبەتی پەیماننامەی سیڤەر و بەیاننامەی (11) ی ئازاری ساڵی (1974) و دەستوری کاتیی عێراق ساڵی (1970) کە بە چەندەها مادە و بڕگە دان بە کودستانیەتبوون و کوردبوونی ئەو ناوچە و شوێنانەدا دەنێت، کە زۆربەی دانیشتووانەکەی لە کورد پێکدێت.

4- دیسانەوە ئەم دیباجەیە هیچ ئاماژەیەك بۆ کێشەی کەرکوك و مادەی (140) ناکات، کە کێشەی کەرکوك یەکێکە لە هەرە کێشە ئاڵۆز و چارەنووسسازەکانی دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق بۆ کورد و هەم بۆ عەرەب و کەمایەتییەکانی تری وەك تورکمان و ئاشورییەکان.

5- دیسانەوە لەم دیباجەیەدا زۆر بە راشکاوی باسی کارەسات و هەوڵ و خەبات و قوربانییەکانی کەمایەتییەکانی تری وەك ئاشوری و تورکمان و سابیئییەکان ناکات کە لەم هەرێمەدا پێکەوە لەگەڵ کورد دەژین لە چەند ساڵی ڕابردوودا لەپێناو ئازادی و سەسەربەخۆییدا تووشی زۆر ناسۆر و قوربانی بوون لە سەر دەستی رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق.

6- ئەم دیباجەیە تەنها باسی لایەنە پرشنگدار و ئەزموونە سەرکەوتوو و دەستکەوتەکان دەکات، بە بی ئەوەی باس لە ئەزموونە تاڵ و ناسۆرەکانی رابردوو بکات لە ماوەی (15) ساڵی رابردوودا تاکو ببنە وانە و پەند بۆ نەوەکانی داهاتوو، لەبەرئەوەی دەستور بۆ ئەوانە، تا بۆ هەتاهەتایە دەرفەت و بواری دووبارەبوونەوەیان نەمێنێت و ئەو نارەحەتیانە ببنە فاکتەری یەکگرتن و تەبایی و برایەتیی زیاتری نێوان ریزەکانی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و میللەتی کورد. دیارە داننان بە هەڵە و کەم و کورپیشدا فەزیلەتە و گەورەیی بوونە، نەك بە پێچەوانەوە.

تەوەرەی سێیەم/ تێبینی لەسەر دەروازە و بڕگە و مادەکان بەم شێوەیە:

ا- دەروازەی یەکەم: (بنەما سەرەکییەکان)، کە لە مادەی (1-17) دەستپێدەکات:

1- دووبارەکرنەوەیەکی زیاد لەپێویست و زۆری وشەی (هەرێم و کوردستانی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم)، کە ئەمەش هۆکارێکی دوورو درێژی دەستورەکەیە، بۆیە دەکرێت لە رووی زاراوە و زمانەوانییەوە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت تا کورتتر و پوختتر ببێتەوە.

2- لە مادەی (2) ی ئەم دەستورەدا سەرکەوتوو نەبووە لە دیاریکردنی سنوری کوردستان و جوگرافیای هەرێمدا لەبەر ئەوە پشت بە چەند ئاماری ساڵێك دەبەستێت کە هەرگیز نابێتە پەنا و بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەو راستییە، بەڵکو دەبوو لەم مادەیەدا بۆ راستکردنەوەی سنوری هەرێمی کوردستان و ئەو ناوچانەی کە دانیشتووانەکەی زۆرینەی کورد پێك دەهێنن پشت بە چەند بەڵگەنامەیەکی مێژوویی و یاسایی دانپیانراو ببەسرایە، کە نووسەرانی مێژوو ئاماژەیان پێ کردووە و لە نێوان سەرانی بزوتنەوەی رزگاریخوازانی میللەتەکەمان و رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی بەغدا مۆر کراون وەك بەیاننامەی (11 ئازاری ساڵی 1974)، پاشان دەستوری کاتی عێراق (1970) پەیماننامەی سیڤەر و...

هتد، کە زۆر مادە و بەند هەیە بە روونی دان بە کوردستانیبوون و زۆرینەی دانشتووانی ناوچە کوردنشینەکاندا دەنێت.

3- برگەی دووەم لە هەمان مادە زۆر کرچ و کاڵی و ناتەواویی تیادایە، لەبەر ئەوەی جێبەجێکردنی مادەی (140) ی کردۆتە دیاریکردنی سنوری بەڕێوەبەرایەتیی هەرێمی کوردستان بە بێ دەستنیشانکردن و ئاماژەکردن بۆ ئەو کێشە و گرفت و رێگایانەی ئەگەر ئەم مادەیە لە کات و ساتی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێ نەکرا، ئایا هەڵوێستی کورد چی دەبێت و ئەو رێ و شوێنە یاسایی و سیاسییانە چی دەبن کە دەگیرێتە بەر بۆ جێبەجێکرنی ئەم مادەیە.

4- برگەی سێیەم دیسانەوە لە مادەی (2) دا دەقێکی ئاڵۆز و ناڕۆشنە و جێگای دوودڵی و نیگرانییە لەلایەك ئەم دەستورە بۆ هەموو رۆڵەکانی کوردستانە، بەڵام لە لایەکی ترەوە رۆڵەکانی ئەو ناوچانەی تر کە لە هەرێمی کوردستان دابڕێنراون هەر کاتێك بەپێی حوکمی مادەی (140) ی دەستوری فیدراڵی گەڕێنرانەوە بۆی، ئەو کاتە سوودمەند دەبن بە ئەرك و مافەکانیان، کە لەم دەستورەدا هاتووە دیارە ئەم مادەیە کۆمەڵێ مەدلول و خوێندنەوەی نێگەتیڤ هەڵدەگرێت و کۆمەڵێك ئەشکالیات و کۆسپ لەبەردەم جێبەجێکردنی مادەی (140) و گەڕاندنەوەی ناوچەکان و رۆڵەکانی ئەو ناوچانە دروست دەکات، لە هەمان کاتدا وەك بڵێی ئەم دەستورە جۆرێك بۆ ئەوان نییە و ناتوانن راپرسی و بیروبۆچوونی خۆیانیان لەسەر دەربڕن و لە لایەکی ترەوە ئاماژەیەکە بۆ دواکەوتنی چارەسەرکردنی کێشەکانیان لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا بە بێ ئەوەی ئێمە بتوانین هیچیان بۆ بکەین.

5- مادە (6) داڕشتنەکەی داڕشتنێکە کە بیری نەتەوەگەری سەردەستی پێوە دیارە، کە ئەمڕۆ دنیای نوێ و سیاسەتی سەردەم ئەم جۆرە بیرۆکانە لە پێکهێنانی کیان و قەوارە رامیارییەکاندا رەت دەکەنەوە و ئەم نەریتە نەریتێکی وڵاتان و گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە سەر بنچینەی زۆرینە و کەمینە، بەڵکو پێویستە ئەم دەقە رێك بخرێتەوە و وا باشترە بڵێین (گەلی کوردستان – عێراق پێك دێت لە کورد و تورکمان و کلدان و ئاشوری و ئەرمەن و عەرەب)، تا بوار بۆ گەلی ژێردەست و سەردەست نەمێنێتەوە و هەموو لایەك لە ماف و ئەرکدا یەکان بن و خۆی بە دڵسۆز و خزمەتگوزاری ئەم خاکە بزانێ.

6- مادەی (7) ناسنامەی ئاینی رەسمی هەرێم و ناسنامەی موسوڵمانێتی زۆرینەی دانیشتووانی هەرێم روون نییە و تەمومژی لە سەرە، بۆیە پێویستە ئەم مادەیە بەم شێوەیە لە چەند برگەیەکادا دابڕێژرێتەوە.

برگەی یەکەم/ ئاینی رەسمیی هەرێمی کوردستان ئیسلامە.

برگەی دووەم/ ئەم دەستورە مافی موسوڵمانێتی بوونی زۆرینەی گەلی کوردستان دەپارێزێت، لەبەرئەوە ئەم دەقە بەهێزتر و شایستەترە لەو دەقە کە ئێستا هەیە، چونکە دەقە کۆنەکە نە ناسنامەی ئاینی رەسمی هەرێم دیاری دەکات و نە ناسنامەی موسوڵمانێتیی زۆرینە دەپارێزێت، چونکە پاراستن بەهێزترە لە جەختکردنەوە و دەبێتە ئەرکێك لە ئەستۆی حکومەت و دامەزراوەکانی.

برگەی سێیەم/ شەریعەتی ئیسلام دادەنرێت بە سەرچاوەیەکی سەرەکی یاسادانان لەبەرئەوەی لە عێراق و لە هەرێمیشدا شەریعەتی ئیسلام لە رابردوو ئێستادا سەرەکیترین و گرنگترین سەرچاوەکانی یاسا بەکاربەرەکان پێك دەهێنێت، بە ئەندازەیەك سەرجەم یاساکان لەم رووەوە قەرزاری شەریعەتی ئیسلامن، ئیتر ئەم کەمکردنەوە و سنوردارکردنەی شەریعەتە لەپای چی و بۆچی؟!.

برگەی چوارەم/ ئەم دەستورە تەواوی مافە ئاینییەکانی برا مەسیحی و ئێزیدی و هی دیکە لە ئازادی و باوەڕ و پیادەکردنی ئاین دەستەبەر دەکات.

7- مادەی (12) كە باس لە سروود و ئاڵا دەكات پێویستە لە داڕشتنیدا هێما و ئاماژە بۆ كەمە نەتەوەكانی دانیشتووانی تری ناو هەرێمی كوردستان بكات، بۆیە پێشنیار دەكەم ئەمە بكرێتە بڕگەیەك بۆ تەواوكردنی سێ بڕگەكەی تری مادەكە.

8- مادەی (13) : پێویستە ئەو دەقە بە شێوازێكی فراوانتر و بەهێزتر دابڕێژرێتەوە، كە بابەتەكانی رێكخستنەوەی سوپا و هێزی پێشمەرگە و چەكداریی كوردستان و هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ بە شێوازێكی مەدەنیانە و سەرپەرشتیكردنیان لەلایەن كەسانی مەدەنی و بێ لایەن و شارەزاوە بێت، واتە نابێت ئەو هێزە چەكدارانە و ئەوانەی لەو بوارەدا كار دەكەن خۆیان بۆ وەرگرتنی پۆستی سیادی كاندید بكەن و، لە هەمان كاتدا لە هەڵمەت و پرۆسەی هەڵبژاردندا پروپاگەندە بۆ بەرژەوەندیی هیچ لایەن و پاڵێوراوێك بكەن، لەم رووەوە دەتوانرێت سوود لە مادەی (9) و بڕگەكانی دەستوری هەمیشەی عێراق وەربگیرێت.

8- مادەی (15) : كە باس لە ئابووریی ئازاد دەكرێت، پێویستە ئەوە زیاد بكرێت كە دەبێت بە یاسایەك رێك بخرێت، تا رێگا لە قۆرخكردن و ئیستیغلالكردن بگیرێت.

9- لەم دەروازەدا هیچ بڕگە و مادەیەك نییە پاراستنی شوێنە پیرۆز و پەرستشەكان لە ئەستۆ بگرێت.

10- لەبەرئەوەی ئێمەی كورد مێژوویەكی دوور و درێژمان هەیە لە ناكۆكی و ململانێی ناوخۆییدا پێشنیار دەكەم لەم دەروازەیەدا بە مادەیەكی ئاشكرا و روون بۆ هەتا هەتایە شەڕی براكوژی و ململانێی نادروست و ناڕەوا مەحكوم و قەدەغە بكرێت.

11- بە هەمان شێوە بە مادەیەكی تر هەموو كارێكی سیخوڕیكردن و یاریكردن بە چارەنووسی میللەتی كورد بۆ بەرژەوەندیی نەیاران و ناحەزان مەحكوم بكرێت و ئەنجامدەرانی رەوانەی لێپێچینەوە و، رووبەڕووی سزای توند ببنەوە.

12- بڕگەیەك بۆ مادەی (17) زیاد بكرێت بەم شێوەیە: بەفیڕۆدانی سامانە گشتییەكان و بەكارهێنانی بۆ بەرژەوەندیی تاك لایەنە قەدەغەیە و ئەنجامدەرانی رووبەڕووی دادگا و سزای توند دەبنەوە.

تەوەرەی چوارەم/ دەروازەی دووەم: (ئازادییەكان) مادەی (59 – 71) .

1- ئازادی پێویستە سنوردار بێت تا ئازادیی كەسانی تر پێشێل نەكرێت. بۆیە پێشنیار دەكەم مادەیەك دابڕێژرێت بۆ ئەم بەشە، بەم جۆرە دەبێت هەموو لایەك لە پیادەكردنی مافی ئازادی و رادەربڕیندا رەچاوی:

ڕ ـ ئاداب و باو و یاسای گشتی.

ب ـ بنەما نەگۆڕەكانی شەریعەت و دیموكراسی بكات.

2- مادەی (41) لە دەروازەی دووەم بەشی (مافە مەدەنی و سیاسییەكان) و، مادەی (74) لە بەشی چوارەمی هەمان دەروازەدا (ئەركەكان) پێم باشە پێداچوونەوەی جددی تیادا بكرێت و جۆر و چەندایەتیی ئەو رێژە بە یاسایەك رێك بخرێت و كۆمسیۆنی سەربەخۆیان بۆ دابنرێت لەگەڵ دیاریكردنی بودجە و جۆری پاداشتكردن و مافەكانیان، تاوەكو لە داهاتوودا شیكردنەوەی هەڵە بۆ ئەو دوو مادە نەكرێت و واتا و چەمكەكانی یەكسانی و هاووڵاتیبوون و وەك یەكی لە بەرامبەر یاسادا نەشێوێنێ و نەبێتە فاكتەری بە پلە (یەك و دوو) كردنی نێوان رۆڵەكانی ئەم میللەتە، كە هەموویان بە دەستی رژێمە یەك لەدوای یەكەكانی عێراق تووشی ئەشكەنجە و زیان و كەمئەندامی و قوربانی بوون و، ئەو كۆرە ملیۆنییەی كۆمەڵانی خەڵك بوو لە بەهاری ساڵی (1991) دا پەرلەمان و حكومەتی هەرێم و ئەو قەوارە فیدراڵییەی ئەمڕۆی بۆ ئێمە سازاند، بۆیە رێزگرتن و نرخاندنی هەوڵ و ماندووبوون و

قوربانیی سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان خۆی بۆخۆی لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە بە بێ جیاوازی.

3- لە مادەی (72-77) بەشی چوارەم (ئەرکەکان) ئەم بەشە وا دەزانم زیادە و پێویست بە ئاماژەبۆکردن ناکات لەبەرئەوەی ئەو ئەرکانە کە لە مادەکاندا دیاری کراوە بە پێی یاسا ناوخۆییەکان ڕێکخراوە و دەستەبەر کراوە.

تەوەرەی پێنجەم: دەروازەی سێیەم/ دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان (مادەی 78-141).

1- مادەی (93) بڕگەی چوارەم/ پێویستە ئەو ناپاکی و خیانەتە گەورەیە زیاتر ڕوون بکرێتەوە و مەبەست و واتای دیاری بکرێت، کە بووەتە مەرجێك بۆ لابردنی سەرۆکی هەرێمی.

2- مادەی (94) کە بە ڕاستی وەك مەرج و قەیدێك وایە بۆ سەر دەسەڵات و ئەرك و تایبەتمەندییەکانی پەرلەمان بۆیە پێویستی بە دارشتنەوە هەیە تا بوار و تایبەتمەندیی دامەزراوەی پەرلەمان و سەرۆکایەتیی هەرێم لێك جودا بکرێتەوە تا بە یەکدا نەچوون و سەربەخۆیی هەریەکە مسۆگەر بێت، چونکە مادەکە تێکەڵییەك دروست دەکات.

3- مادەی (99) پێویستە سەرۆکی هەرێم چەند جێگرێکی هەبێت نەك تەنها جێگرێك، چونکە هێشتا ئێمە لە بەرایی ڕێگەی خەبات و گەیشتن بە مافەکانمانین، ئەرك و کارەکان و دۆسیەکانی مادەی (140) و جێبەجێکردنی بەندەکانی دەستوری عێراقی فدراڵ و یاسای هەرێمەکان و دۆسیەی ئاوارەکان و گەڕانەوەی ناوچە ئازادکراوەکان و ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی ئابوریی کوردستان و کێشەی بودجە و داهات لە نێوان هەرێم و ناوەند و دۆسیەکانی ئەنفال و کیمیاباران و کاراییکردنی پرۆسەی یەکگرتنەوە و ڕێکخستنی نێو ماڵی کورد چۆن بەتەنها جێگرێك رادەپەڕێنرێت؟

4-مادەی (104) کە زۆر بە فراوانی باس لە دەسەڵاتەکان و تایبەتمەندێتی سەرۆکی هەرێم دەکات، کە ڕۆڵێکی ئەوتۆ بۆ دەسەڵاتەکان و تایبەتمەندێتیی ئەنجومەنی وەزیران ناهێڵێتەوە، کە ژمارەیان (21) تایبەتمەندی و دەسەڵاتە، بۆیە دەکرێت ئەم بابەتە چاوی پێدا بخشێنرێتەوە لەبەرئەوەی هەندێ لەو تایبەتمەندییانە ئەرکی پەرلەمانە بەتایبەت یاسادەرکردن و ڕازیبوون لەسەری، هەروەها بەکارهێنانی سوپا لە دەرەوەی هەرێم و هێنانی سوپا بۆ ناو هەرێم و ڕاگەیاندنی باری نائاسایی و ئەوەی پەیوەندیی بەم لایەنانەوە هەیە، پێویستە بخرێتە چوارچێوەی تایبەتمەندی و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی وەزیرانەوە.

5- ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم دەروازەیەدا نەبوونی دەق و مادەیەکە بۆ لێپێچینەوە لە سەرۆکایەتیی هەرێم لە کاتی دەرچوون و لادان لە چوارچێوەی یاسا و پیادەکردنی دەسەڵاتە دیاریکراوەکانی لەلایەن هیچ دەزگا و دامەزراوەیەکی یاساییەوە، لەگەڵ ڕێزمان بۆ هەموو لایەك ئەوەندەی مەبەستمانە کاراکردنی دام و دەزگا و دەسەڵاتە گشتییەکانە ئەوەندە مەبەستمان کەس و لایەنەکان نییە، هەروەها بنەمای لێپێچینەوە باشترین فاکتەری دەستەبەرکردنی دیموکراسی و کرۆکی سیستەمی حوکمڕانی دادپەروەرانەیە، لە هەمان کاتدا هۆکاری بنبڕکردنی گەندەڵییە ئیداری و سیاسی و داراییەکانیشە.

1- مادەی (99و 104 و 107و 108) تا مادەی (115) دیسانەوە تێکەڵی و چەند لایەنییەك دروست دەکات لە نێوان تایبەتمەندێتی و دەسەڵاتەکانی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی هەرێم لەلایەك و ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی هەرێم لەلایەکی ترەوە، کە ئەمەش جێگای تێبینی و سەرنجمانە لەبەر ئەوەی عێراق سیستەمێکی دەستوری و پەرلمانییە و سەرۆکی وڵاتمان هەیە لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کە هەریەکە لەم سێ دامەزراوە چەند ئەرك و بوار و تایبەتمەندێتی جیا دەگرنە ئەستۆیان، بەڵام لە کوردستان دیاردەکە پێچەوانەیە بە ئەندازەیەك کە دامەزراوەیی سەرۆکایەتیی هەرێم

تایبەت مەندێتی و دەسەڵاتەكانی لە سەرووی هەموو دەسەڵات و دامەزراوەكانی ترەوەیە وەك ئەوەی لە سیستەمیكی كۆماری بچێت. ڕۆڵ و بوار بۆ دوو دامەزراوە و دەسەڵاتەكەی تر (پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران) بەرتەسك دەكاتەوە، بەمەش مانا و واتاكانی بنەمای سەربەخۆ بوون (استقلالیە)، جیابوونەوە (فێل) و چاودێریكردن (رقابە) لە نێوان هەرسێ دەسەڵاتەكەدا ناهێڵێت، كە ڕەچاوكردن و كاركردن بەم سێ بنەمایە باشترین فاكتەر و دەستەبەركردنی سیستەمێكی دیموكراسی حوكمڕانییە.

2 - مادەی (134) (برگەی یەكەم و دووەم) دوای ئەوەی لە تێبینی (4 و 5) دا تیشكمان خستە سەر ئەو چەند لایەنە و تێكەڵبوونەی دەسەڵات و تایبەتمەندێتی دامەزراوەكانی سەرۆكایەتیی هەرێم بۆ ناو هەریەك لە دامەزراوەی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران، بەهەمان شێوەش لەم مادەیەدا (134) برگەی (1-2) دەبینین ئەو تێكەڵبوون و شۆڕبوونەوەی دەسەڵاتە بۆ ناو دامەزراوە و دەسەڵاتی سێیەم لە دەسەڵاتەكانی هەرێمی كوردستان، كە دەسەڵاتی دادوەرییە و هەست پێدەكرێت بە تایبەتی لە كاتی هەڵبژاردنی ئەندامانی دادگای دەستوری لە لایەن ئەنجومەنی دادوەرییەوە بە ڕاوێژكردن لەگەڵ سەرۆكی هەرێمی كوردستان دەبێت، پاشان دوای ئەوەی پەرلەمانی كوردستان ڕەزامەندی لە سەر پاڵوراوەكان دەنوێنێت، سەرۆكی هەرێم بە فەرمانێك ئەندامانی دادگا دادەمەزرێنێ، بۆیە پێشنیار دەكەم كە هەڵبژاردن و ڕەزامەندی لە سەر دامەزراندنی ئەندامانی دادگای دەستوری لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری خۆیەوە بێت، كە ئەمەش هاوتایە لەگەڵ دەقی مادەكانی (116، 119، 120، 130، 132) دەستورەكە كە ناوەڕۆكیان جەخت لە سەر سەربەخۆبوون و بێ لایەنیی تەواوی دەسەڵاتی دادوەری هەرێم دەكەنەوە، كە ئەمەش تەنها فاكتەری سەربەخۆبوونی سیستەمی دادوەری و دامەزراوە قەزاییەكانە لە دەستتێوەردانی دەزگا و دامەزراوەكانی تر.

لە كۆتاییدا ئەمە كۆمەڵێك سەرنج و تێبینی بوون كە بە ئەركی سەرشانی خۆمم زانی بیخەمە بەردەستی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان بە هەموو چین و توێژەكانیەوە، چونكە دەستوور بۆ ئەوانە و لەو ڕوانگەیەوە ئازادی و مافەكانیان بەرجەستە دەبێت و خۆشگوزەرانی و ئایندە و دواچارەنووسمان دیاری دەكات، ئەمەش وەك جێبەجێكردنی ئەركی سەرشانم بەرامبەر ئەم پرۆسە گرنگ و پڕ بایەخە كە هەموو لایەكمان بە ئەندازەی ئاست و پێگەی لێپرساوی و سیاسی و ئیداری و ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتیی خۆی بەرپرسیارێتیمان لە بەرامبەریدا دەكەوێتە ئەستۆ.